# کورد و ئەمەریکا

جیهان بووەتە شارێکی گەورە، لەم جیهانە بچووکەی ئەمڕۆمان هەڵبژاردنی گوندێکی ئەمەریکای باکوور لەوانەیە ببێتە سەر ئێشیەک بۆ کوردان. سەرەڕای ئەمەش، ئێمە ئێستا بووینەتە دراوسێی یەکتر و ئەمەش لە یەکترمان نزیک دەکاتەوە، تەنیا بۆ کوردان نا بەڵکو لەهەموو جیهان ئەوەندە بایەخ بەم هەڵبژاردنە دەدرا مرۆڤ وا دەزانێ ئەو هەڵبژاردنە لەو وڵاتە ئەنجام دەدرێت.

بێگومان لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ئەو رەوشەی ئەوکات هەبوو، هێواش هێواش گۆڕانی بەسەرداهات و پیلان و پرۆژەی دیموکراسی و ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و گەلانی چەوساوە فەرامۆش کرا بەتایبەت لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە تا هێرشی ئەلقاعیدە بۆ سەر ئەمەریکا ئەو گۆڕانکارییانەی خێراتر کرد.

بە کورتی ئەو بەرنامانە بە گوێرەی داخوازی یەک دەوڵەت، یەک پارتی، یەک کەسی گرێدراو نین، رۆژانی رژێمی زۆرداری و دیکتاتۆری بەسەر دەچێت. پێویستە ئەو هێزانە یان خۆیان بگۆڕن یا خود بە فشاری ئابوری و دیپلۆماسی کۆتاییان پێدێت.

فرت و فێڵی دەوڵەتانی داگیرکەر تا کۆتایی سەر ناگرێت و ناتوانن کۆسپ دروست بکەن. دەربارەی ئەو مژارە هەڵوێستی دەوڵەتانی تورک، عەرەب، فارس زۆر سەرنج راکێشە، بەتایبەتی دەوڵەتی تورکیا هەرکەسە و شتێک لەبارەیەوە دەڵێت. ئەمەریکا دیسان ئێوە لە نیوەی رێگا بەجێ دەهێڵێ، لەبەر ئەوەی کەوتۆتە نێو ئاستەنگیان و عێراق بەجێ دەهێڵێ و جارێکی تر ئێمە و ئێوە بە تەنیا دەمێنین. ئەوکات چیمان بەسەردێت!! تورکیا دڵی خۆی بەوە خۆشدەکات کە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا رۆژێک زووتر بڕیاری ئەوە دەگرێت کە هێزەکانی لە عێراق پاشەکشە دەکات ئەوکاتیش ئەوان دەتوانن هێرشی سەر باشووری کوردستان بکەن. وەکو خەیاڵ محەمەد ئاغار لە یۆزگات و موسل و کەرکووک بکەن بە یەک بەڵام ترسێکی دیکەیان دەمێنێت ئەویش پەیوەندی پتەوی نێوان پارتی دیموکراتی ئەمەریکا و ئەرمەنییەکانە، بۆ ئەمەش لە ئێستاوە لە رێگە چارەیەک دەگەڕێن.

گەلی کورد بە سەدان ساڵە بۆ مافە نەتەوەیی و دیموکراسی و مرۆڤایەتییەکانی بە هەموو شێوەیەک تێکۆشاوە و ئێستاش بەردەوامە لە تێکۆشان و هیچ کاتێک لەبەردەم زوڵم و زۆرداری سەری شۆڕ نەکردووە، بەڵام چی بکەین لەبەر ئەوەی هەلومەرج رێگای نەداوە دەوڵەت دابمەزرێت لەسەر لە خاکی باوک و باپیرانیان، بەڵام لەگەڵ ئەمەش لە ماوەی یازدە ساڵی رابردوو گۆڕانکارییەکانی جیهان رێگایان لەبەردەم ئێمەش خۆش کرد لە شوێنی زوڵم و داگیرکەری ئەمڕۆ لە سەنگەری پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی بەهێز بووە.

ئەو دەوڵەت و هێزانەی دەیانەوێت لەپارچەبوونی ئێستای جیهان سوودوەربگرن و بە گوێرەی بەرنامە و پلان داڕێژن بەتایبەت لەو شوێنانەی بێ دەزگان، وەکو بڵێیت ئەوان لە ئاسمان لە دۆستێک دەگەڕان، کوردستانی بریندار لەسەر خاکی کوردستان هاوپەیمانی خۆیان دۆزییەوە، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی ئێمەی کوردان لەگەڵ ئەو هێزە لێک نزیک بۆتەوە.

بێگومان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا هەموو کاتێک بەرژەوەندی گەل و دەوڵەتان هەیە. لەبەر ئەمەش ئەمەریکا دۆستی کوردانە، کوردیش دۆستایەتیان لەگەڵ دەکەن، ئێمە لەسەردورگەی نەوت و ئاو و کانزای جۆراوجۆر دەژین و بە گوێرەی گەل و رژێمەکانی ناوچەکە دیموکراتتر و پێشکەوتووترین لەبەر ئەمەش زۆر ئاساییە هاوکار و دۆست و جیهانی دیموکراتخوازین.

هەروەک و گەلێک کەس دەزانێت ماوەیەکە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بەرنامەی ئەوەیان هەیە هێزەکانیان لە عێراق لە سێ ناوچەی جیا دابەش بکەن، هێزێک لە باشووری کوردستان ئەویتریان لە بەغدا و هێزێکی دیکەش لە بەسرە، حکومەتی فیدراڵی عێراق ماوەیەکە گفتوگۆی تایبەت دەکات لەمەڕ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ نەیارانی حکومەت و رەوشی شاری کەرکووک و ئەو شارەو شارۆچکەکانی کە پێویستە لە دوای ئەنجامدانی راپرسیەوە تا کۆتایی ئەمساڵ بگەڕێنەوە سەرهەرێمی کوردستان.

ئەو قۆناغەی ئەمڕۆ جیهان تێدا گوزەر دەکات وا پێویست دەکات بەرژەوەندییەکانی ئێمە و پلان و بەرنامەکانی ئەوان یەکبگرن و ئێمەیان کردۆتە هاوکاری یەکتری. لەم وڵاتە دەسەڵاتدارانەدا ئەگەر رژێمەکانیش کاریگەری نەکەنە سەر تەواوکردن و بەردەوام کردنی پلانەکە و زەرەری بۆ ئێمە نابێت. رەنگە رێ و رێبازی جیاواز بەکاربهێنرێت لە کاتی دانوستاندنەکان فشار بەکار بهێنرێت. بەڵام ئەمانە کار ناکەنە پەیوەندی و هاوکارییە درێژخایەنەکان.

بەشێوەیەکی تر پێویستە دەوڵەتانی داگیرکەر و زۆردار ئەو رۆژانە لەیاد نەکەن. لەلایەکی دیکە ئەمڕۆ کێشەی کورد لەنێو هەڕەشەی مەرزەکانیان دەرباز بووە و بووەتە کێشەیەکی جیهانی. هاوکات کوردیش کوردی چەند ساڵ لەمەوبەر نین و هزر و بیری نەتەوەییان گەشەی کردووە تەنیا نەک کوردەکانی کوردستان بەڵکو لە سەرانسەری جیهان لەو شوێنانەی کورد تێیدا نیشتەجێن و کار بۆ دۆزەکەیان دەکەن. لەگەڵ ئەوەش لە بواری سەربازیدا تەنیا وەکو پێشمەرگەی پێشوو نین بەچەک و خەبات بکەین بەڵکو لە هەموو شوێنێک وەکو پارتیزان بە چەک، سەردەمیانە خەبات دەکەن.

بە کورتی لە دوای هەڵبژاردنەکەی ئەمەریکا شتێکی سەیر ناقەومێت، سەنگەر و پێگەی کوردان لە بوارەکانی ئازادی و سەرفرازی و دیموکراسیدا لە جێگای خۆی دەمێنێت و لە بەرنامەی تازەدا شوێنی خۆی دەگرێت، لەبەر ئەوە ئێمە بە شەرت و مەرج هاوکاری یەکتر نین و نابینە خزمەتکاری کەس، بەڵکو تەنیا ئێمە پێویستمان بە یەکتری هەیە و رێگای بەرژەوەندییان یەکە، ئەمەش بۆ ئێمە و گەلانی ناوچەکە سوودی هەیە.

**ئەحمەد چامبلەک**
**لە ئیستانبوڵەوە**
**بۆ گوڵان دەینووسێت**